# هایکۆ

**هاوژین صلّیوه**
**(کۆیه)**

١- هەموو خۆرەتاوی
لەخۆی کۆکردۆتەوە
قەترەیەک شەونم.
٢- ئاسمان باڵەکانی لێکدا و
بوو بە چپەچپی
باران.
٣- ڕەشەبا بەشارەوە
چۆلەکەیەک خەریکە دەمخوات
دەنکە گەنم.
٤- بەهەناسە بڕکێ
کەوتە بەرهەیوان
ڕەشەبا.
٥- تا فرمێسکی وشک بوو گریا،
پاشان فڕێدرایە گۆڕستان
قەڵەم.
٦- دووکەڵێکی زۆر باریک
جەستەیەکی ڕەقوتەق
ڕۆحی تەڵە شقارتەیەک دەرچوو.
٧- بەسەر درەختی زامدار
لۆکەی سپییە
بەفر.
٨- بەسەر قژی شۆڕەبییەکەوە
قردێلەیەکی چەند جوانە
پەپوولە.
٩- چەند دەنکە تۆیەکی نازناز
کەوتنە سەر دڵۆپێک خوێن
بوون بە خاڵخاڵۆکە.
١٠- کانییەکە
لەقەد پاڵێکەوە هەڵدەقوڵێ
قاسپەقاسپی کەو.
١١- زەردەخەنەی
هێشووە بەرسیلەیەک
مژدەی پێکێ شەراب.
١٢- درەختەکان دەگرین
زۆر توورەیە و
دەستی قورسە تەرزە.



١٣- گوریسێکی چەند درێژە
ماسی پیایدا سەردەکەوێ
ڕووبار.
١٤- شارە مێرووڵەی حەرفە
کتێب.
١٥- کاتێ ڕوانییە
ئاوێنەی کانییەک
شیلەبزە گرتی خۆرەتاو.
١٦- لەو بەرزییەوە دەهۆڵ دەکوترێ
تەپەی پێ دێ
چەند جوان شایی دەکا باران.
١٧- پەلکەزێڕینەی دەنگە
گەرووی کەناری.
١٨- لقێک ئاگرە
بە درەختی تەمەنم متوربە بووە
خەم.
١٩- بەیانی زوو
دەوری قەتریەک شەونمی دابوو
وردە وردە دەینۆشی
خۆرەتاو.
٢٠- کاڵەکێک و چوار شەمامە
پێکەوە ڕێیان دەکرد
ژووشکێک و بەچکەکانی.

**چنگێ نوقڵەشیعر**

١- سەرخۆشێک بەخێڵی هەنگاوی دەنا،
نیگای لاوێک بەگاگۆڵکێ
بەرەو تەنوورەی کچێ ڕێی دەکرد.
٢- خونچە لەداخی گۆی مەمک
پڕبەپڕی کرایەوە،
کە زانی جوانی ناگا بەو
لە داخانا خۆی هەڵوەراند.
٣- ئاگر و با بەسەمایەکی زۆر شێتانە جووت دەبن،
با سادیزمانە ئاگر دەکوژێت.
٤- شانەیەک خۆی تاودەدا لەقژییەوە
توند بیگرێ،
چەندی کردی بەردەست نەبوو،
بەڵام کاتێ تاڵەموویەکی چنگ کەوت،
حەیران بوو بە نەرمونیانی و بۆنی خۆشی،
تابەیانی بەسەرخۆشی بۆی پاڵکەوت.
٥- تلانەوە بەدەست فەقەڕات
دڕک گەرای ئازاری خۆی
لە پەلوپۆی من داناوە.
٦- هەناسەم پڕبووە لەبۆنی لیمۆ،
دەمم ئاوی تێزاوە؛
بۆ دوو لیمۆکەی سەرسینگت.
٧- سوپرانۆی دەنگت
ئاخی پڕکردووم لەسەوزەگیای خۆشی.
٨- تەپوتۆزی تەکنۆلۆژیا سروشتی لێ شێواندین،
شەوانی مناڵیم نایەنەوە؛
ئەو شەوانەی لەسەربان بەباوەش ئەستێرەم
کۆدەکردەوە.
٩- لەگەڵ پەندێک
((ئەم ماستە موویەکی تێدایە))
موویەکی سپی!.
١٠- لەنێو شەپۆلی چڕنووکی خەمدا،
هاواری چۆلەکەی ئازار.
١١- پەڕێک لەباڵی ڕەشەبا بووەوەو
بەلوولپێچی هاتەخوارێ و
بوو بە گەردەلوول.
١٢- چۆلەکەیەک لە نێو سینگما دەفڕێ
تا نەگاتە درەختی گۆڕستان نانیشێتەوە.
١٣- کە لێوی جگەرەیەک دەمژێ،
هەناسەم پڕ دەبێ
لە دووکەڵی ئیرەیی،
حەلقە حەلقە بخوری پیرۆزی ماچ
بەرەو عەرشی خودا.
١٤- پەنجە نەرمەکانی شنەبا چەند جوانن
کاتێ تەزبیحات بە هێشووە قەزوانێک دەکەن.